
سەید حەکیم لەگەڵ نوێنەرانی بەدر یەکێتی چوارچێوەی هەماهەنگی و پێویستی پێکهێنانی حکومەتێکی ئەکتیڤ و پاپشتیکردنی گفتوگۆ بۆ چارەسەری کێشەکانی ناوچەکە دووپات دەکاتەوە



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە کەمەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە کوتلەی بەدر و بۆئامادەبوونی بەڕێز هومام تەمیمی سەرکی کوتلەکە و سەماحەتی ستایشی هاریکاری نێوان ئەندامانی ئەنجومەن لەرووتی شەهید میحراب کرد کە بنەمای بەخشین و قوربانیدان پێیەوی دەکەن، هەروەها باسی دەسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو و چێنێتی پالپشتی کردنی کرا بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکەکانی بە باشی ئاپەڕێنێت.

بەڕێز سەید ئەلحەکیم جەختی لەسەر یەکێزی چوارچێوەی هەماهەنگی کردەوە و ڕوونیکردەوە کە جیاوازی بیروبۆچوون لە چوارچێوە و سەرچاوەکێدا دەمێنێتەوە و ڕوونیشیکردەوە کە چوارچێوەکە ستایلێکی سیاسی گرنگی پێشکەش کردووە لە پاپشتیکردنی ئەوەی بزووتنەوەی حیکمە و داشتنی پێگەکان لەناو هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەتدا، تاوەکو بووە مەدلەك کە هێزە سیاسیێکانی پێکهاتە بەڕێزەکانی دیکەش لاسایی بکەنەوە.

هەروەها سەید حەکیم باسی لە سروشتی ڕووداوەکانی ناوچەکە و شێوەی بەردەوامی سەر کەماری ئیسلامی ئێران کرد و جەختی لە گرنگی گواستنەوە لە قۆناغی ئاگربەستەوە بۆ قۆناغی کۆتایهێنان بە تەواوی شەڕ و گەڕاندنەوەی سەقامگیری و تەبایی لە ناوچەکەدا کرد، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی وەرگرتن بە ئاشتبوونەوە و نزیکبوونەوەی بۆچوونەکان و ئاماژەی بەرەی عێراقیش دا لەهاوکێشەکانی ناوچەکەدا.